# کێ زەنگەکە هەڵدەواسێ ؟



لە خانوویەکدا کۆمەڵێ مشك و پشیلەیەك پێکەوە دەژیان. ئەو پشیلەیە هەموو رۆژێك مشکێکی لە خانووەکە دەردەکرد. مشکەکان بۆ ئەوی خۆیان لەو ناخۆشییە رزگار بکەن، کۆ بونەوەو لەناو خۆیاندا پرس و رایان بە یەکتری کرد.





پاش بیرکردنەوە، یەکێکیان وتی: با زەنگێك بکەینە ملی پشیلەکە، بەمەش هەرکاتێك پشیلەکە دوای مشکێك بکەوێ یاخود لێی نزیك بێتەوە، زەنگەکە لێدەدات و هەمووومان بەئاگادێینەوە. لەو کاتەدا مشکێکی دیکەیان وتی: بەڵام چۆن زەنگەکە بکەینە ملی پشیلەکە؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەموویان کەوتنە بیرکردنەوە.